# مانگرتنی زیندانیەکانی مەعسکەر سەلام ، گەیشتە دەم دورینەوە !!!



ئەوە بۆ چەند رۆژ دەچێت مانگرتنی زیندانیە حوکم دراوەکانی زیندانی مەعسکەر سەلام دەستیان داوەتە مانگرتن لە خوردن و شێوە دەربڕینی تر، ئەمەش بە دوای خۆسوتاندنی سید ستار دەستی پێکرد سەرنجامی ئەشکەمجە کردن و بێرێزیکردن پێی.
بەرپرسانی زیندانی  مەعسکەر سەلام لەترسی پەرەسەندنی ئەم مانگرتەنە بۆ دەرەوەی زیندان لەرۆژی یەک شەممەی رابردووەوە کە بڕیار وابوو رێکخراوەکانی مودافیع لە مافەکان زیندانیان  ئەو رێکخراوانەی دژی ئیعدام و ئەشکەنجەن لەم رۆژەدا بەشداری کەس وکاری زیندانیەکان بکەن و نارەزایەتیکەنیان بۆ پشتیوانی لە زیندانیان مانگرتوو دەرببڕن، رێگەیان لێگیرا بچنە بەردەم زیندانەکان، چواردەوری سلێمانیان لێکرا بە سەربازگەو نەیان هێشت لە هیچ جیگەک کۆببنەوە بۆ نارەزایەتی دەربڕێن.
ئەم کەسانەی کە لەم زیندانەدا زیندانی کراون هیچیان سەرباز و سەر بە سوپا نین هیچ تاوانێکی سەربازیان ئەنجام نەداوە، بەڵام لە نێو سەربازگەیەکدا  زیندانی کراون. بەراستی زیندانی مەعسکەر سەلام خەریکە دەبێتە باستێلی کوردستان.
بەپێ ئەو وێنەو هەواڵانەی کە بەدەستی ئێمە گەیشتوە لە ناو زیندانەوە باری تەندروستی بەشێک لە مانگرتووەکان بەرەو خراپی دەروات یەکێک لەو زیندانیانە دەمی خۆی دوریوەتەوە و ئەوە چەند رۆژە مانیگرتوە لە خواردن پێ دەچی سبەی پێنج شەمە ببورێتەوە، دوو کەسی تریش لەمانگرتوەکان بارودۆخی تەندروستیان بەرەو خراپی دەچێت. ئێمە دوادەکەین لەو زیندانیە دەس نەبەن بۆ ئەزیەت و ئازاردنی

خۆیان و دەم دورینەوەو مانگرتن لە خوردن زەرەر بەجەستەو کیانی ئەوان دەگەیەنی و ئێمە بە هەموو شێوەیەک دەنگیان دەگەیەنینە ڕای گشتی ناو خۆ دەرەوە، بۆ سەرکەوتنی داوکاریەکانیان پێویستە ڕێگای تر بگیرێتە بەر و پشتیوانەی کۆمەڵایەتی ناوخۆ و دەروە بەدەست بهێنرێت و نارەزیاتیەکیان فراوانتر بکرێتەوە.
ئێمە بەرپسیارێتی ژیانی ئەو زیندانیانە دەخەینە ئەستۆی حکومەتی هەرێم کە بێدەربەستن لەبەرامبەر داواکریەکانی زیندانیان، لە جیاتی وەڵامدانەوەی داواکاریەکان فشاری زیاتر بۆ کەس کارو دۆستەکانیان دەهێنن لە ڕێگای ڕێگری لەسەردانی کەس وکارەکانیان بۆبینینی زیندانیەکان.
ئێمە جارێکی داواکریەکانی زیندانیەکان دەدەینەوە بە ڕووی حکومەتی هەرێمدا کە بریتین

1- هەڵوەشانەوەی سزای لەسیدارەدان. 2- دادگایی کردنی ئەو کەسانەی سید ستاریان ئەشکەنجە کروە. 3- قەدەغەکردنی ئەشکەنجە کردن و بێڕێزیکردن. 4- سوک کردنی ئەو حوکمانەی بەسەر زیندایەکاندا دراوە و بارهێنانیان و بوار خۆش کردن بۆیان تاجارێکی تر وەک ئینسانی نۆرماڵ بگەڕینەوە ناو کۆمەڵگە.

ئێمە بانگەوازی هەموو ئینسانە ئازادیخوازەکان و ڕێکخراوەکانی مودافیع لە مافەکانی مرۆڤ دەکەین بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێت بێنە مەیدان بۆ دیفاع لە مافی ئەو کەسانەی لەو دیوی دیواری زیندانەکانەوە بە دوای ئاسۆیەکەوەن بە ڕویاندا بکرێتەوە.

بەڵی بۆ ڕێزگرتن لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی
بەڵی بۆ مافی ژیان
نا بۆ سزای مەرگ(ئیعدام)

سمیر نوری
قسەکەری کۆمیتەی هەڵوەشانەوەی سزای لەسێدارەدان
2013\10\17